# هیستیریا  لە وڵاتی ڕقستان و ڕقهەستان دا

د.هەژار مەعروف

بە پێی قانونی عێراقی  بڕیاری پیادەکردنی حوکمی دادگا بە لە سێدارەدانی  سەدام حسەین لە بەرەبەیانی 2006/12/30 بە ڕەئی گەلێک لە قانونناسا ن ( وەک حاکم ڕزگار ئەمین سەرۆکی دەسلەکارکێشاوەی مەحکەمەی سەدام) بڕیارێکی ناقانونی بو, بەوەی کە لە ڕۆژی جەژنی قوربانا و پێش تێپەڕبونی 30 ڕۆژ بەسەر دەرچونی حوکمەکدا بەجێگەیەندرا. وادیارە ئەگەریش پرسێک بە سەرکردایەتیی کورد کرابێت لەم مەسەلەیەدا, پرسەکچانەبووە و یان لە خراپترین حاڵەتدا ئەوانیش وەک خەڵک لە تەلەفیزیۆندا بە مەسەلەکەیان زانیوە و ئەگەر ئەمەیان بێت بەڕاستی سوکایەتیکردنێکی زبر و زەق و بریندارکەرە بە سەرکردایەتیی کورد!  من بڕواناکەم  ئەو بڕیارە لە ژێر گوشار و پەستۆی  ئەمریکادا درابێت, وە لەو بڕوایەدام ئەگەر مالیکی سەرۆک وەزیر بیویستایە ئەمریکا ئامادەی ئەوە دەبو بەلای کەمەوە بۆ یەک مانگی تر سەدام توند و مکوم  گلبداتەوە لای خۆی و بەمە کات بدات بە دەسەڵاتی قانونی و دەسەڵاتی تەنفیزی(حکومەت) و بە پارێزەرانی سەدام کە لەسەر حوکمەکە کێشمەکێشی خۆیان بکەن و دڵنیام کە حوکمی ئیعدامی سەدام ـ ئەگەر مەهاتما غاندی ی ڕەحمەتیش پارێزەری سەدام بوایە ـ  لە ڕوی قانونیەوە بێ کون و کەلێن جارێکیتر دەسەلمێنرا , و  لە ماوەی ئەو مانگەدا دانیشتنەکانی دادگایی سەدام لەسەر ئەنفال دەتوانرا درێژەی پێبدرێ . بۆ ئەوەی نمونەیەکی مرۆڤدۆستی و لێبوردەیی و سینگفراوانی  لە دەوڵەت و قانون بۆ ئیمڕۆ و پاشەڕۆژ نیشانی خەڵکی عێراق و ناوچەکە بدرایە کە دروست بە پێچەوانەی نمونەکەی سەدامەوە بوایە , دەبوایە دوای ئەو مانگەی  بڕیاری کۆتایی ئیعدامکردنی سەدامی تیا دەدرا , بۆ دواجار ڕێگە بە ژنەکەی و کچەکانی  و نەوەکانی و خوشکەکەی بدرێت کە سەدام ببینن و پێش مردنی دوا ماڵاوایی لێبکەن. بە تایبەتی شیعە تۆڵەسێن و داخ لەدڵەکانی ناو حوکومەت گەر هەر پەلەشیانبو بەلای کەمەوە دەیانتوانی  دوای 4ڕۆژی جەژن کە ڕۆژانی ئاشتی و گەردنئازایی و خۆشەویستی و لێبوردەییە لە ئیسلامدا, کارە پاڵەوانیەکەیان! ئەنجام بدەن , کە ئەمەشیان نەکرد , دەیانتوانی کارێکی وابکەن کە پێشتر هیتافدان بە ڕوی سەدامی ملکەچ و زەلیل دا قەدەغەبکەن , کە ئەمەشیان نەکرد دەبوایە ئیعدامکردنەکە بە هیچ جۆرێ هیچ جۆرە وێنەیەکی فۆتۆگرافی یا ڤیدیۆیی نەگیرایە, چونکە دێر یا زو هەر دەکەوتە ناو بازاڕی ڕاگەیاندن و هەمو خەڵک دەیانبینی. ئایا دەنگ و شریخەو و دیمەنی ترسناکی ئیعدامی مرۆڤێک با سەدامی دڕندەش بێت  تەنانەت بۆ ئەوانەشی کە حەز بە کوشتنی دەکەن شتێکی ڕند و جوان و ئارمبەخشە کە نیشانی خۆمان و ژن و مناڵمانی دەدەن؟ دەیانتوانی تەنیا یەک وێنەی بەخاکسپاردنی سەدام ـ دوای فەحسکردنی پزیشکی عەدلی ـ بڵاوبکەنەوە و بەس, وەک بەڵگەی تەواو کە ئیتر خەونی سەدامیەکان بە گەڕانەوەی سەدام بۆ سەر حوکم هەتا هەتایی بنرێتە ژێر گڵ. دڵنیام کە هەڵبژارنی شوێنی ئیعدامەکەش لە قەڵایەکی شیعەنشینی بەغدای وەک کازمییەش هەر زادەی ڕق و تۆڵە و هیستیریای شیعەییانەبوە. هیتافەکانیش ـ کە هیچ ئازایەتی و مەردایەتییەکی تێدانەبو ـ  بە باڵای ئەو  موقتەدا سەدرە دا درا کە نۆبەرەی خۆناساندنی سیاسیی لە عێراقی دوای سەدام بە دنەدان بو بۆ بە چەقۆکوشتنی ئەو (عەبدولمەجید خوئی ) یە لە پاڵ گۆڕی ئیمامی عەلی و یەکسەر دوای نوێژی نیوەڕۆی , ئەو ئیمامە شیعەیەی لە لەندەنەوە گەڕابۆوە و بەنیازبوو کاری خێرخوازی بکات.هیتافدان تەنیا بە گیانی محمەد باقر سەدری کاتی خۆی لەمەڕ سەدام حسەین ئیعدامکراو دادەتوانرێت وەک سوکایەتی و بەهەند نەگرتنی سەدانهەزار لە قوربانیەکانی کورد و عەرب و هەر عێراقییەکی تری دەستی سەدام سەیربکرێت.وادیارە ڕق و کینە , شین و شەپۆر,  فرت وفێڵ ,  هەست وسۆزە سەرەتایی و زبر و زەق و کرچ و  ڕامنەکراوەکان , پەرستنی  ڕابەرە ئاینیەکان ,خۆشەویستی و باوەڕمەندیی کوێرانە, لە ڕابوردودا ژیان ( خۆئەشکەنجەدانی شیعەکان لە مانگی عاشورادا) لە ڕەگوڕیشەکانی باوەڕی شیعە بێت. هەر لەم پەیوەندەدا ـ بە جیاوازیی کەسایەتیەکان ـ کاری

پاڵەوانانەی!! شەهید کردنی قاسملۆ و هاوڕێکانی لەسەر مێزی وتووێژ بۆ ئاشتی لە ڤیەنا و پاشتریش کوشتنی (سادقی شەرەفکەندی)ی جێنشینی و هاوڕێکانی ـ کە هیچ چەکێکیان پێنەبو دیفاعی لە خۆیان پێبکەن ـ لە خواردنگای میکونۆس لە بەرلین لە لایەن شیعەی فارس و تورک و عەرەبی لوبنانیەوە , دواتریش تێرۆرکردنی نامەردانەی مەلامحەمەدی ڕەبیعیی بێدیفاع ی کوردی سوننە نزیک کرماشان لە لایەن ئیتیلاعاتی دەوڵەتی شیعەی ئێرانەوە دێتەوەیادم !! بەڵام مەسەلەکە هەر شیعە نیە, بەڵکو هەڵوێستی هەندێک لە سوننیەکانیش, وەک زەرقاویەکان و کوردە سوننیە پاڵەوانەکانی!!

( ئەنسارولئیسلامی وەستای داهێنەری!! کارەساتی خێڵی حەمە لە شارەزور) و سوننیەکانی ئەلقاعیدەو تالیبانی ئەفغانستان و ئەوانەی جەزائیر, نیشانیاندابن, لە هەڵوێست و ڕەفتاری شیعەکان باشتر نییە!! دەبێت بە گشتی هەڵوێستی ئیسلام لە سەر سزا و تۆڵە و ڕق وخوێنڕێژی و زەبر وزەنگ بخرێتە ژێر چاوی ژیری و هزر و بیرکردنەوەی مەنتیقییەوە و بەراورد بکرێت لە گەڵ ئاینەکانی تردا , وە دەبێت هەم لە ئاستی کوردوستان و هەم لە ئاستی عێراق بیر بکرێتەوە لە دروستکردنی بەرە یا چەند بەرەیەکی سێکولاری عیلمانی کە ئاین لە سیاسەت و دەوڵەت جیادەکاتەوە و دەیکات بە مەسەلەی مرۆڤی تاک لە گەڵ خودای پەروەردگارا.

سەدام هەم لە گرتنیداو هەم لەکاتی ئیعدامکردنیدا نەیتوانی یەک دروشم یا هیتاف بۆ ڕێباز و بڕواسیاسیەکەی یا جنێو بە دوژمنەکانی بدات یا بێدەروەسیی خۆی لە مردن دەربربڕێت , سەدام نمونەی دیکتاتۆرێکی حیزەڵە و ترسنۆکی بۆ دیرۆک دابەدەستەوە!ئەم نمونەیە بۆ ئێمەی کورد باشتر خۆیدەنوێنێت کاتێک یادی نەمرانی وەک قازی محەمەد و 4 ئەفسەرەکە: مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی و عیزەت و خەیروڵا و شێخ شەهاب و جەعفەر و عەبدولواحید و هەزاران ئیعدامکراوی تری نەتەوەکەمان دەکەینەوە کە چۆن ئازایانە بەرەنگاری مەرگ و داگیرکەرە جەلادەکان بونەوە. پێشمەرگەیەکی هاوڕێم باسی جوتیارێکی ئەندامی سادەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانی بۆکردم کە لە 1980 گەلێدا زیندانی بووە و خەڵکی خۆشناوەتی بووە, هەموجارێک کە دوای گەلێک ئەشکەنجە بوراوەتەوەو پاشان بەئاگاهاتۆتەوە, وتویەتی با لەژێر ئەشکەنجەشدا بشمرم , بە خودای نابێت ناڵەو ئۆف بە زارمدا بێت!

بەداخەوە سەدام کە باوی نەمابو, بەو جۆرەی کە ئیعدامکرا , سۆزو خۆشەویستیی سەدانهەزار عەرەبی عێراق و ملیۆنەها عەرەبی دەرەوەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد , ئەم سۆز و بەزەییە بۆ سەدام لە ئیمڕۆی عێراقی عەرەبیدا دەگۆڕدرێ بە ڕۆژانە داخستنی حەمامی خوێن لە شەقام و شوێن و بازاڕە گەلییەکان .

بە بڕوای من بۆ پاشەڕۆژی عێراق و لە پێناوی ئاشتبونەوەی گشتیدا و گێڕانەوەی مرۆڤایەتی بۆ خەڵکی عێراق گەلێک, هەر گەلێک باشتر دەبو ئەگەر سەدام موحاکەمە بکرایە لەسەر هەموو تاوانەکانی کە کردویەتی تا دوائەنجامیان و حوکمی ئیعدامەکەش کە دەدرا , هەر پیادەنەکرایە, بە ڵکو بهێڵرایە لە ژورێکی سارد و سڕی (دو سەدام دوجا) ی بێ پەنجەرەدا مردنێکی سروشتی بمرێت , ئەمە بۆ ڕەحمکردن و بەزەیی نیە بە سەدامدا, بەڵکو بۆ ڕەحم و بەزەییە بە خەڵک لە عێراقی ئیمڕۆ و سبەینێدا. پەندو عیبرەت وەرگرتن لە مێژوی سەرتاپا تاوانی ڕژێمی سەدام ئاوا دەبوو, وە دەشیابکرێت , نەک بەو جۆرەی کە ئیعدامکرا. ئەوەش کە بۆ پتر لە 3 ساڵ سەدام بە زیندویی هێڵرایەوە ئیرادەی ئەمریکا بو نەک حکومەتی عێراق , کە بەهۆی ئەو هیستیریایەی توشی بوو نەیتوانی لە 12 سەعات زیاتر سەدام بە زیندویی ڕابگرێت.

بۆ ئێمەی کوردیش حەقیەتی لە ئیمڕۆوە حوکمی ئیعدام کە لە کوردوستانیشدا دەدرێت بیخەینە بەر باس و لێدوانێکی دوور لە هەڵچون و کەفچڕین . ئایا ئێمەی بەزۆر لە عێراقدا زیندانیکراو بەلای کەمەوە لەم مەسەلە گرنگەدا دەتوانین خۆمان لە عێراقی عەرەبی و ئیسلامیی جیابکەینەوە؟ لە ڕوی سیاسیی ـ ستراتیجیشەوە حەقیەتی پێداچونەوەیەکی بنەڕەتی بکرێت بە نەخشەی هاوەپەیمانی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا و بەتایبەتی هاوپەیمانێتی کورد لە گەڵ شیعەی عێراقی دۆستی شیعەی سەر حوکمی ئێراندا,

بەتایبەتی کە سەرکردایەتی گەلێک  گرنگی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردی کوردی دو بەشی کوردوستان ئێستا لای ئێمەی خوشک وبرایان بڕێک حەساونەتەوە و پشویان داوە!!

**2007/1/7 ـــ**